زنجیرەی هاوەڵانی پێغەمبەر

١١

# ئەبو سەعیدی خودری

منتدى إقرأ الثقافي
www,iqra.ahlamontada.com

حبیب محمد سعید

١٤٠٥ك - ١٩٨٥ز

منتدى إقرأ الثقافي

زنجیرەی هاوەڵانی پێغەمبەر

# ١١

# ئەبوو سەعیدی خودری

## سەعدی کوڕی مالیک

حبیب محمد سعید

چاپخانەی ارشاد ـ بغدا

١٤٠٥ك ـ ١٩٨٥ز

بسم الله الرحمن الرحيم

# بسم الله الرحمن الرحيم

ئـازیزەکـانم : ئـەی هاوەڵـە شیرینەکـانی پێغەمبەری خـوا ..

کـاتێ کە چمکێ لـە ژیانی هەر کـامتـان شارەزا ئەبم زیاتر گەورەیی ئیسلامم بۆ دەر ئەکەوێ ، کەوا ئێوەی مەرد و قـارەمانی پەروەردە کردووە .. بۆیە شـانـازیی پێـوە ئـەکـەم ـ بـە پێی توانـا ـ ژیانتـان پێشکەش بە موسڵمانان بکەم تـا بەشکوم بتـوانین ـ بە کۆمـەکیی خـوا ـ رێڕەوی موسڵمانـەتیـەکی راسـتی لـە شـوێن پـێ و شوێنـەواری ئێـوەوە بـە موسڵمانـان بنـاسێنین و پێشـکەش بکەین ..

# پێشکەش بێت

پێشکەش بێت بە :

- لاوە خوێنگەرمەکانی ئیسلام کە خۆیان ئەکەنە قوربانیی بۆ بەرزکردنەوەی دەنگی قورئان ..
- گەنجە دڵسۆزەکانی ئیسلام کە پەیمانی وەفاداریی لەگەڵ قورئانا ئەبەستن و تاڵاو و سوێراوی رۆژانی سەخت ساردیان ناکەنەوە ..
- ئیمان دامەزراوەکان کە بێ ئەم لاو ئەو لا رێگای راستی خۆیان ئەگرنە بەر و پەرۆشی رەزامەندیی پەروەردگارن ..

# پێشـــەکیی

**الحمد للــه رب العالمين والصــلاة والسلام على رسولنا الأمــين وآلــه وصحبه اجمعين ..**

کۆمەڵــی موســڵمان ، کە لــە سایەی قورئـانـا و بـە پێی فـەرمانەکـانی بەرپـا ئەبێ ، کۆمەڵێـکی نـاوازەیە .. لـە هیچ کۆمەڵێـکی تر ناچێت .. ژیانێـکی بـەرز و پیرۆز ئـەداتـە سـەر .. هەموو ئەندامێـکی بەش بە حاڵی خۆی خەمخۆری بیروباوەڕی پێـگەردی ئیسلامە .. بە پێی توانـا هەوڵی خۆی ئـەدا و لـە پێنـاویـا عـارەق ئـەڕێژێت .

خۆ ئەگەر ڕۆشنبیرێك سەرنجی ئەندامانی ئەم کومەڵە پیرۆزە بگرێت سەری سوڕ ئەمێنێ .. پیـاوەکانی یـەکجار بـەغیرەت دێنـە بەرچـاو ..

کەی پیاوانی کۆمەڵـەکـانی تر ئـاوا سـەرومـاڵ بـە هەرزان پێشکەشی بیروباوەڕەکانیان ئەکەن ؟

کەی وەك پاڵـەوانە خوێنـگەرمەکانی ئیسلام خۆیـان ئەخەنە مەترسییەوە تـا سـەری خۆیان و نەتەوەکەیان بەرز کەنەوە ؟

چ بیروباوەڕێك و چ نەتەوەیەك ، بە درێژایی مێژوو ، توانیویتی بە ئەندازەی بیروباوەڕ و نەتەوەی ئیسلام پیاو چاك هەڵخـات ؟

ئـەوا بڵێین پیاوان بـە هەرحاڵ نـاچاری دان بە خۆدا گرتن و بەرگریی کردن بوون ، ئەی ئـافرەتان ؟ ئـەی لاوە تـازە پێگەیشتووەکـان ؟

تـەنهـا پـەروەردەی قورئـانـە ، ئـەندامی وەها چاك و پـاك و تێـگەیشـتووی خۆنـەویسـت پـێ بگەیەنێت .. سـەرنجی ئـافرەتی موسـڵمانی سایەی قورئـان ئـەدەین و بەراوردی ئـەکەین لـە گەڵ ئـافرەتی بێخاوەنی ئـەمڕۆی ئـەوروپای نەفـام و شوێنـکەوتووە ئەڵقە لـە گوێـکـانیدا ،

ئەوسا لە جیاوازیی نێوان بەرنامەی شیرینی خوای گەورە و هەڵەشە و پەڵەشەیی نەفامان تێ ئەگەین ٠

سەرنجی لاوەکانی ئیسلام ئەدەین کە هەموو ژیانیان جوامێریی و غیرەت و شەرەف و ئابڕوو و یەکگرتن و دامەزران و لەش ساغییە ، وە بەراوردیان ئەکەین لەگەڵ لاوە دەروون رووخاو و چاوچنۆك و نەخۆشەکانی نەفامیی ئەم سەردەمەدا ، ئەوسا تێ ئەگەین چەندمان زیان لێکەوتووە وا بووینەتە پاشکۆی کاروانی گەلە سەرلێشێواوەکان و دەستبەرداری رێبازی قورئان بووین ٠٠

لاوەکانی ئیسلام ، بە تایبەتی لاوە تازەپێگەیشتووەکانی مەدینەی پایەختی دەوڵەتی قورئان ، نموونەی مرۆڤی مەبەست پیرۆز بوون ٠٠

بۆچ وەك لاوە نەفامەکانی ئەمڕۆ خەریکی عارەق و قومار و شەللاتی گەریی بوون ؟!

بۆچ خەریکی جاسووسیی و نۆکەریی بوون ؟

بۆچ هەر حەفتەیەك لە كۆڕێكدا وێنەیان نەشۆرایەوە ؟

نەء ... قوتابیانی قورئان لە كوێ و ئەو رەوشتە نزمانە لە كوێ ؟

ئەمان هەمیشە خەریكی خوناسیی و بڵاوكردنەوەی بیروباوەڕی خوایی بوون .. رماندنی قەڵای ستەمیان خستبووە ئەستۆی خۆیان ..

هەر پیاوێ لە جیهاد دوا بكەوتایە منانە وردیلەكان بە توانج و وردەبەرد تێی بەر ئەبوون و ئابڕوویان ئەبرد ..

یەكێ لەو لاوە خوێنگەرمانەی مەدینە سەعد ی كوڕی مالیكی كوڕی سینانی ئەنصاریە ، كە بە نەبوسەعیدی خودریی ناسراوە ..

# باوکی شەهید و گەنجی دڵسۆز

ئەبوو سەعید وەك لاوە رۆشنبیرەکانی تری مەدینە کەوتە شوێن رێبازی ئیسلام و بووە ئەندامێکی تازە پێگەیشتووی کۆمەڵی موسڵمان .. هەرچەندە هێشتا منداڵ بوو ، بەڵام دیار بوو بەغیرەتە بۆ ئیسلام و بە کەڵکە بۆ موسڵمانەکان ، هەتا وتراوە ئەم زاناترینی هاودڵە گەنجەکان بووە ..

هەر بەو منداڵییە خەمخۆری ئیسلام و موسڵمانەکان بوو .. دڵسۆزی راستەقینەی ئادەمیزاد بوو .. بە پەرۆش بوو ئاینی خوا بە زووترین کات پەرەبسێنێ و ببێتە قەڵای پاراستنی مافی هەژاران و بێکەسان .. ئامادە بوو بە هەموو شێوەیەك خۆی پێشکەش بکا بە بیروباوەڕە خواییەکەی ..

وەك مۆمێك خۆی بتاوێنێتەوە تا ڕۆشنایی پێشکەش بکا بە دەوروبەری ..

کۆمەڵی موسڵمانی مەدینە خەریکی خواپەرستیی بوو ، تا پەروەردەی دەروونی بکا لە سەر چاکەویستیی ، ئەمەش ئەگەر بیروباوەڕەکەیان سەرکەوت و بوونە کاربەدەستی سەرزەویی و کاروباری ئادەمییەکانیان ـ بە موسڵمان و ناموسڵمانەوە ـ پێ سپێررا بتوانن خزمەت کەن .. خۆپەرست نەبن .. خۆیان بگرن و سپاردەکەیان نەدۆڕێنن .. لە کاتێکا موسڵمانەکان سەرگەرمی خواپەرستیین ، قورەیش ـ وەك هەموو ستەمکارێکی ملهوڕ ـ نایەوێ لە مەدینەش جێگیر بن و بحەسێنەوە ، ناچار بوون ئەوانیش بە هەموو شێوەیەك دەست لە بەرژەوەندی دوژمنی خوێنە خۆرەیان بوەشێنن .. جەنگی بەدر رووی دا و پاڵەوانەکانی ئیسلام مەردانە پشتی قورەیشیان دا بە زەویدا ، بەڵام ئەبوو سەعید زۆر منداڵ بوو و بەژداریی ئەم جەنگەی نەکرد ..

جا قورەیش بۆ ئەوەی تۆڵەی خۆی بسێنێ بە

لەشکرە سێ هەزارییەکەیەوە هاتە سەر مەدینە و هەڵێکی وەهای بۆ هەڵکەوت تا بتوانێ دەست لە موسڵمانەکان بوەشێنێ و حەفتایان لێ شەهید بکا ٠ ئەمجارەیان ئەبووسەعید لەگەڵ هاوەڵە هاوتەمەنەکانیا خۆی ئامادە کرد تا بەژداریی ئەم جەنگە ئیسلامیە بکەن و ئەوانیش دەستێکیان هەبێ لە بەرچدانەوەی هێرشی ستەمکاراندا ٠٠

بەڵام پێغەمبەری خوا ـ صلى الله عليه وسلم ـ لەوان زیاتر دووربینیی ئەکرد ، هەرچی بەکێ منال بوایە ئەیگێڕایە دواوە ٠٠ سەرەنجام نەیهێشت کۆمەڵێ لەو لاوە دڵسۆزانە بەژداریی جەنگ بکەن کە ئەمانە هەندێکیانن : عەبدوڵلای کوڕی عومەر ، زەیدی کوڕی ثابیت ، ئوسامەی کوڕی زەید، زەیدی کوڕی ئەرقەم ، بەڕائی کوڕی عازیب ، ئوسەیدی کوڕی ظەهیر ، عەرابەی کوڕی ئەوس ، ئەبووسەعیدی خودریی، زەیدی کوڕی حارثەی ئەنصاریی ، رافیعی کوڕی خەدیج ، سەمرەی کوڕی جوندب وە سەعد ی کوڕی حەبتە ٠٠

هۆی گێڕانەوەی ئەمانە ئەوە بوو تەمەنیان لە پانزە ساڵان کەمتر بوو ٠ بەڵام دوای ئەوە ماوەی رافیع و سەمرەی دا تا بەزداریی جەنگ بکەن ٠ لە بەر ئەوەی رافیع ـ هەرچەندە منال بوو ـ تیرەندازێکی لێهاتوو بوو ، بەڵام ( سمُرة ) گلەیی حالی خۆی بردە لای دایکی و پێی وت :

پێغەمبەری خوا ڕێگەی رافعی دا ، بە مەرجێ من لەو بەهێزترم و ئەتوانم بیدەم بە زەییدا ٠٠

کاتێ پێغەمبەری خوا ـ صلی الله علیه وسلم ـ ئەمەی بیستەوە فەرمانی دا هەردووکیان لە بەر دەمیا زۆران بگرن ، ئەوانیش دەستیان دایە یەك و سەمرە رافعی دا بە زەوییدا و ماوەی ئەویشی دا بەژداریی بکا ٠٠

دایك و باوکم بە قوربانت بن ئەی پێغەمبەری خوا ٠٠ ئەی بیبیلەی چاوەکانمان ٠٠

بە راستیی پێغەمبەری خوایت ٠٠ بە راستیی هەر تۆی بەرێز شایانی پێشەوایەتیی و سەرکردایەتییت ! ٠٠

دوژمن بە لەشکری زۆر و پڕ تفاقیەوە هاشاولی هێناوە

و ،ەخەی موسڵمانەکانی گرتووە ، کەچی سنگی فراوانت
ار اوەیە بۆ جێبەجێکردنی داخوازیی ئەنجێك ، کە
ەوەندە ناسکە دادی خۆی ـ بەگریانەوە ـ بۆ لای دایکی
ەبا ..

پەروەردەی بەرزی خواییە وا لەم هەڵوێستە
ناسکەشدا مەبەستت تیمارکردنی دڵەکان و پێشکەشکردنی
ئاسوودەییە پێیان !

پەروەردەی بەرزی خواییە وا لە هەڵوێستی تەواو
ناسکدا هەر لە سەر خۆیت و ئەرکی پیرۆزت ئەخەیتە
ئەولاوە و زۆر بە ئاسایی رەفتار ئەکەیت ..

بۆ ئەمە رووداوێکی تری ژیانە پیرۆزەکەتم دێتەوە
یاد کە ئەویش لە کاتی کۆچکردنتا بوو ، لە کاتێکا
دوژمنان بە هەموو لایەکا ئەگەڕان و دووچاویان کردبووە
چوار تا بت دۆزنەوە و لە ناوت بەرن .. هەموو
رێگایەکیان ئەگرتە بەر تا دەستت خەن و خەڵات
وەرگرن ..

کەچی تۆی بەڕێز ، دامەزراو ، سنگ‌فراوان ، هێمن ، لەسەرخۆ ، چاکوبست ، و بـە ئـاواتی بەختیاریی ئادەمیزاد ، کە تووشی بورەیدەی کوڕی حەصیب و هەندێ لـە کەس و کـارەکەی ئەبیت ، بانـگیان ئەکەیت بۆ ئیسلام چونکە کاری سەرشانت بانـگ‌کردن و هیدایەت‌دانە و کۆچکردنەکەشت هەر بۆ بانـگ‌کردن و هیدایەت‌دانە .. ئەوانیش موسـڵمان ئـەبن ، چونکە وشەی پاك و بێگەرد لە دڵی پاك و بێگەردەوە و بە دەمـی پـاك و بێگـەرددا کـە دێتـە دەرەوە مـایـەی پاككردنەوەی گوێ و مێشك و دڵـن .

یوسف پێغەمبەریش ـ سەلامی خوای لێ بێ ـ بە هەمان شـێوە ، بـاکی لـە ئـاوارەیی و بوختـان و بەند و تەنـگانە نـەبـوو ، بـە هەموو شێوەیەك هەر بانـگی ئـەکرد بۆ لای خوا ، ئەوەبوو ئـەو دووانـەی کە لێـکدانەوەی خـەویـان لـێ داوا ئەکرد ، لـە پێشەوە بـەراووردی خواپـەرستیی و بت‌پەرستیی بۆ ئەکردن تـا لـە واتـای یەکتاپـەرستیی تێیان گەیەنێ ، ئەوسا وەڵامیان بداتـەوە !

لـە کاتی جەنـگی ئوحودا تەمەنی ئەبووسەعید سیانزە

سالان بوو •• نەك هەر خۆی حەز بكا بەڵكو باوكیشی •• حەزی ئەكرد كوڕەكەی هاوبەشیی بكا •• هەتا باوكی ئەبووسەعیدی ئەگرت و ئەیوت : ئەی پێغەمبەری خوا ، ئەوە و بازۆڵە ئەستووره •• پێغەمبەریش ـ صلی الله علیه وسلم ـ سەیری كرد و فەرمووی : بیگەڕێنەوە ئەویش گەڕاندیەوە • باوك و فرزەند بە گوێی پێغەمبەری خوایان كرد ، بەڵام زۆر دڵگران بوون ••

مالیكی باوكی ، بەژداریی جەنگەكەی كرد •• ئەمیش پیاوێكی كۆششكەر بوو بۆ ئیسلام و فەرموودەی لە پێغەمبەری خواوە گێڕاوەتەوە ••

ئەبووسەعید ئەگێڕێتەوە و ئەڵێ : دەم و چاوی پێغەمبەر ـ صلی الله علیه وسلم ـ زامدار بوو ، جا مالیكی كوڕی سینان ـ واتە باوكی ـ چوو بە پیریەوە و خوێنەكەی بە پێغەمبەری خواوە سڕی و قووتی دا •• پێغەمبەری خوا ـ صلی الله علیه وسلم ـ فەرمووی : هەركەس حەز بكات سەیری ئەوە بكا كە خوێنم

تێکەڵی خوێنی بووە ، با سەیری مالیکی کوڕی سینان بکا • بەڵام ئیبن هیشام ئەڵێ :

پێغەمبەری خوا ـ صلی الله علیه وسلم ـ فەرمووی: هەر کەس خوێنم تێکەڵی خوێنی .وو ئاگری بەر ناکەوێ ••

خوا وای بۆ هێنایە پێش پلەی شەهادەت وەربگرێ و دەرودەشتی ئوحود بە خوێنە گەشەکەی رەنگین بکات ، تا رۆژی قیامەت شایەتیی بێ لە سەر ئەمە کە :

[ ڕۆڵەکانی ئیسلام هەردەم ئامادەن پاڵەوانیی خۆیان بنرێنن و بیگەیەنن کەوا خوێنێ لە پێناوی ئەوا ئەرزێ هیچ نرخێکی نیە ] ••

کۆتایی هات بە جەنگ •• زیانێکی گەورە لە موسڵمانەکان کەوت ، بەڵام قورەیش نەیتوانی دەست بگرێ بە سەر مەیدانی جەنگدا •• کورتەکەی سەرکەوتنی بە دەست نەهێنا •• وە لە گەڵ ئەوەدا کە موسڵمانەکان ئەو هەمووە شەهیدەیان دا ، بەڵام قورەیش ئەوەندە لە موسڵمانەکان ئەترسا ، هەر ئەو ئێوارەیە ، بە پەلە

لـه دەوری مەدینە کشایە دواوە و بـەرەو مەککە کـەوتـە ڕێ ..

موسڵمانـەکـان بە حەفتـا شەهید و صەد و بەنجا زامدارەوە ـەڕانـەوە .. موسـڵمانـەکـانی نـاوشار بـە منـاڵ و ئـافرەتەوە هەموویان دڵیـان لـە مشتیانـا بوو .. ترسـی ئـەوەیـان هەبوو پێغـەمبـەری خوا ـ صلی اللـه علیـه وسلم ـ شـتێـکی بـە سـەر هاتبێ .. هەر هەموویان چاوە و چاوی ئـەوەیـان ئـەکرد بـە بینینی پێغـەمبـەری خوا شـاد بنـەوە .. ئیتر شەهید بوونی کەس وکـار زۆر ئـاسـانە .. گرنـگ سەلامـەتیی پێغـەمەری حوایـە ..

ئـەم هەڵـوێسـتەی موسڵمانـەکـان پلەیەکی یەکجار بـەرزی موسڵمانەتییە .. چونـکە زۆر کەس لـە جـادەی پانـا لاڤی موسڵمانێتیی و غیرەت لێ دەدا ، کەچی لـە ڕۆژی خۆیدا نـازانـێ چۆن و بـە چ شـێوەیەك خۆی بـە ڕەنگێ بنوێنێ کـە سەلامەتیی تیـا بێ .. وە یـا هـەموو جـۆرە گلـەیی و بۆڵـەیەك دێنێتـە سەر سەرکردەی موسڵمان ..

بۆیـە پێویسـتە موسڵمانـەکـان بـە هەندێ هەڵس و

کەوت دەست خەڕۆ نەبن ، وە تا نەگەنە ئەو پلەیە هەنگاوی گەورە نەنێن و بەڵێنی بەرەوژوورکە نەدەن •• دیارە ئەم پلەیەش ماوەیەکی زۆری ئەوێ تا موسڵمانەکانی بگاتێ ••

ئەبووسەعید لەو جۆرە موسڵمانانە بوو کە بە ئاسانیی بەو پلە بەرزە گەیشتبوو •• هەرچەندە منداڵ بوو ، بەڵام غیرەتی پیاوێکی گەورەی موسڵمان لە کرۆکی دڵیا جێگیر بوو بوو •• ئەترسا پێغەمبەری خوا تووشی شتێك بوو بێت ، جا وەك خۆی ئەیگێڕێتەوە ، ئەویش بەرەو مەیدانی جەنگ دێت تا بە چاوی خۆی پێغەمبەری نازدار ـ صلی اللـه علیـه وسلم ـ ببینێ و دڵی بێخەم بێت لە ساغ و سەلامەتیی ئەو ••

کاتێ کە پێغەمبەری خوا ـ صلی الله علیه وسلم ـ چاوی پێی کەوت فەرمووی : سەعد ی کوڕی مالیکی ؟ ئەبووسەعید وەڵامی دایەوە : بەڵێ ، دایك و باوکم بە قوربانت بن ، ئەی پێغەمبەری خوا ••

ئەبووسەعید لـە پێغەمبەری خوا نزیـك کەوتـەوە و هـەردوو ئـەژنۆی مـاچ کرد و پێغـەمبـەرێش بـە سـەر وڵاغـەکەیەوە بـوو ••

ئـەوە بـوو سـەرلـەبـەیانـی پێغـەمبـەری خـوا ئیرایەوە دوا و نـەیهێشت بەزداریی جەنگ بکا •• بـەڵام ئـەبووسەعید زۆر حەزی لێ بوو •• ئەویش لـە بـەر ئەجر و پـاداشت گوێڕایەڵیی کرد •• وا دەمە و ئێوارەش هاتووە بـە پیری پێغـەمبەری خۆشەویستیەوە و ئەیەوێ بـە هەواڵ پرسینی و شادبوونەوە بـە بینینی هـەمـان گوێڕایـەڵیی بـۆ بنووسرێ ••

ئەمە دەروونی پـاك و بەرزی سەربازی موسـڵمانـە کـەوا دڵی پـڕە لـە ئیمـان ••

لـەو لاوە دەروونـی پیسی مونـافیـقـەکـان رەش و پیس هەڵـگەڕابوو •• سەرلەبەیانی لووتیان کرد کە گوایـە پێغـەمبـەری خـوا بـە گوێی ئـەوانی نـەکـرد ، دەمـەو ئێوارەش شـادمان بوون بـە شەهید بوونی پـاڵـەوانـەکانی

ئیسلام و دەستی چەپەڵیان ئەهێنا بە سەر دڵـە ڕەشەکەیاندا..

زۆر پێویستە موسـڵمانـەکـان ، لـە هـەڵوێستـــا سەربازی موسڵمان لـە مونـافیقی خۆهەڵواس جیا بکەنەوە...

جـا کـە ئەبوسەعید هەردوو ئەژنۆی پێغـەمبەری خوای ماچ کردن ، پێی فەرموو :

خوا پـاداشتت بداتـەوە لـە شەهیدبوونی بـاوکتا ..

ئـەوی ئـەبوسـەعید بـە دەم ئـەیوت ، لـە دڵـەوە هەڵئەقولا بۆیــە هیچ خەم و خەفەت و پێ ناخۆش بوونێـکی نـەنوانـد ..

خـوای لـێ ڕازیی بێ ، ئـەوەتـا خـۆی بـە وردیی ئـەو هەڵـویستـەمـان بـۆ ئەگێڕێتەوە کـە ئەڵێ :

« ئێمە لەوانـە بووین [ لـە بەر منالیی ] لە شەیخان(١)

(١) شەیخان : شوێنێـکە لـە مەدینە کە سـەربازخانەکەی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه و سلم ـ لـە جـەنـگی ئوحودا لەوێ بوو ..

گێڕاینە دواوە ، نەهاتین لە گەڵ جەنگاوەرەکانا ، هێشتا ئێوارە نەهاتبوو ، زامدار بوونی پێغەمبەری خوا ـ صلی اللە علیە وسلم ـ و پەرت و بڵاوبوونی خەڵکەکە لە دەوری ، پێمان گەیشت ، منیش لەگەڵ چەند مناڵێکی ئەوەی خودرەدا هاتین لە سەر ڕێگای گەڕانەوەی پێغەمبەری خوا ـ صلی اللە علیە وسلم ـ دا بووەستین و سەیری سەلامەتیی و بۆ وەیی ئەو بکەین و مژدە بەرینەوە بۆ کەس و کارمان • ئەوە بوو لە دۆڵی قەنات[۲] دا تووشی خەڵکەکە بووین بە پرژ و بڵاویی ، ئێمەیش مەبەستمان هیچ کەس نەبوو جگە لە پێغەمبەری خوا ـ صلی اللە علیە وسلم ـ چاومان پێ بکەوێ و سەیری [ سەلامەتیی ] بکەین[۳] •

---

(۲) ئەو شێوەیە کە لە ڕۆژی ئوحودا لە نێوان سەربازخانەی موسڵمانەکان و سەربازخانەی قورەیشدا بوو ••

(۳) بە ڕاستیی کۆمەڵێکی ناوازەیە •• ئافرەتان خەریکی ئاوکێشان و برینپێچان بوون و سماواکانیش پەرۆشی سەلامەتیی سەرکردە بوون ، جێی سەرنجە و زۆریش •• ئەمەیە جەنگی سەرومالیی ••

کاتێ پێغەمبەری خوا ـ صلی الله علیه وسلم ـ چاوی پێم کەوت فەرمووی : سەعد ی کوڕی مالیت ؟

وتم : بەڵێ ، دایك و باوكم بە قوربانت بن •
لێی نزیك کەوتمەوە و ئەژنۆم ماچ کرد و ئەو بە سەر وڵاغەکەیەوە بوو و فەرمووی :

خوا پاداشتت بداتەوە لە شەهیدبوونی باوكتا •
ئینجا سەیری دەم و چاویم کرد ، ئەبینم لە سەر هەردوو کوڵمی بە قەد شوێنی پەنجایەك سوور بۆتەوە وە لە ناوچاوانیدا ، لە دەم ووکەسەریدا ، شکانیا دیارە ، وە لێوی خوارەوەی ( قڵیشاوە و ) خوێنی لێ دێت وە دانی ( روباعیەی ) لای راستی پارچەیەکی لێ بۆتەوە وە شتێکی رەش وا بە سەر زامەکەیەوە •

پرسیارم کرد : ئەمە چیە بە سەر دەم و چاویەوە ؟
وتیان : حەسیری سووتاوە ••
وتم : کێ هەردوو کوڵمی خوێناویی کردووە ؟
وترا : ئیبن قەمیئە ••

وتم : ئەی کێ ناوچاوانی زامدار کردووە ؟
وترا : ئیبن شەهاب .
وتم : ئەی کێ لێوی خوێناویی کردووە ؟
وترا : « عوتبەی کوڕی ئەبیوەققاص [برای سەعد] »..

نەك هەر ئەبووسەعید ، بەڵکو گەورە و بچووکی موسڵمانەکان ئەهاتن بە پیری پێغەمبەری خواوە ـ صلی اللـه علیه وسلم ـ و هەموو خۆشەویستیێکیان بە دڵ و بە گیان ئەکردە قوربانی ، وە تەنها ئەو سەلامەت بێ ئیتر هەموو کەسێ قەی ناکا .. چونکە بەڵێنیان دابوو ، سەروماڵیان بکەنە قوربانی خۆی و بیروباوەڕەکەی ..

ئەبووسەعیدیش بە دەوری خۆی ، وەك کۆرپە تازە پێگەیشتووەکان « خەمخۆری ئاینەکەی بوو .. خەمخۆری پێغەمبەری سەرکردە بوو .. هەر بەوەوە نەوەستا ئەو پرسیارانە بکا و بچێ بە ڕێی خۆیەوە .. نا ، نابێ « چونکە پێغەمبەری خۆشەویست ـ صلی الله علیه وسلم ـ زامدار و هیلاکە بۆیە چاوی لێ کلا

نـەئـەکرد •• پێغـەمبەری خوا ـ صلی الله علیه وسـلم
بـەرەو مـەدینـە ئـەگـەڕایـەوە و ئەبووسـەعیدیش لـ
بـەردەستیا ئـەڕۆیشت هەتـا گەیشـتە بـەرەوە ••

کـاتـێ ویستی دابـەزێ خۆی نـەیتوانیی ، بەلـ
دایـان گرت و بـە هەڵـگرتن بردیـانـە مـاڵـەوە •• ئینـ
چاوی کەوت بە هەردوو ئەژنۆی ئەبینێ پێستی هەردووکیا
داماڵراوە •• لـە کاتی دابەزینیا شانی دا دا بە سەر سەعد
کوڕی موعاذ و سەعدی کوڕی عوبـادەدا هـەتـا گەیشـ
مـاڵـەوە ••

گەنجی خوێنـگەرم چاوی لە هیلاکیی و ماندووبوو
پێغـەمبەری خوا بوو ئەمەکـاری کردە سەر دڵ و دەروو
و تێگەیشت خزمەتکردنی بیروباوەڕ بـە پـاو ئەکرێ ،
خاوەن غیرەت ئەکرێ •• لێبووردنی ئەوێ •• ئینجا رێگا
خواناسیی پڕ لـە دڕك و داڵ و موسڵمان ئەبێ بتوانێ ژیا
دنیـای بکـاتە قوربـان ، تـا رەزامەندیی خـوای دەسـ
کـەوێ ••

گەنجی پەروەردەی قورئانی پیرۆز تێ گەیشـــــت
،یـازی خوانـاسـان بـە گوڵ دا نـەپۆشراوە و ئـەبێ بـە
ـەمای ئەمە بێ ، ئیتر گلەیی و نـاشکوریشی ناوێ ..
کاتـێ کە خۆراوا بوو و بیلال بانـگی دا ، پێغەمبەری
خوا ـ صلى الله عليه وسلم ـ بـە هەمان شێوە شانی دا دا بوو
ـە سـەر هەردوو سەعددا و هاتـە دەرەوە بۆ نـاو مزگەوت
ێنجـا دوای نوێژ گەڕایەوە مـاڵـەوە .. موسـڵمانەکـانیش
ـە مـزگەوتـا ئـاگـریان کـردبـۆوە بـۆ دەرمانکـردنی
امـەکانیان .. ئـەبوو سـەعیدیش وەك لاوە دڵ پـڕ لـــە
ێمانـەکـانی تـر = بـە وردیی سەرنج ئەگرێت .. ئەوەندە
ـە پەرۆشـە تـا جوان ئاگـادار بێ ، چاو کلا نـاکـات ..
کاتـێ سووراییی لـە کەنـاری ئاسـمان بـرا ، بیلال
انـگی عیشـای دا .. بـەڵام پێغەمبەری خوا ـ صلى اللـە
لیـە وسـلم ـ نـەهـاتـە دەرەوە .. بیـلال لـە بـــەر
ەرگـاکەی پێغەمبەرا ـ صلى الله عليه وسـلم ـ دانیشت و
اوەڕوانیی کرد هەتـا سێیەکی شـەو تێ پەڕیی ئینجا بانگی
ی کرد : نوێژ ئەی پێغەمبەری خوا .. کە گوێی لـە دەنگی

بیلال بوو هاتـه دەرەوە دوای ئـەوەی مـاندووبوونی ئـە
ڕۆژە و ئێش و ئـازاری زامـەکـانی زۆریـان پێ هێنا بو
و خەوی لێ کەوتبوو ..

ئەبووسەعید هـەر چاوەڕوانیی ئەکرد .. دڵی ڕێـگە
نـەئـەدا بچێتـە ماڵـەوە و بەو حاڵەوە پێغەمبەری بەڕێز
بـە جێ بێڵێ(٤) .

کـاتـێ کـە پێغەمبەری خوا ـ صلی اللـه علیه وسلم
هاتـە دەردوە ، ئـەبووسـەعید سەیرێـکی کـرد .. دڵـ
لـەشی سووکتر بوو لـەو کـاتـەی کە چووە ژوورەوە .
ئینجـا نوێژی عیشای لـە پشتی سەریەوە بـە جێ هێنـا .
پێغەمبەر ـ صلی الله علیه وسلم ـ ئەوەندە تەندروستیی چا
بوو بـە بێ یارمەتیی چووە ماڵەوە و موسڵمانـەکـان بە ڕێ
لـە نێوان شوێنی نوێژکردنەکەی و ماڵەوەدا وەسـتابوون .
بەمە ئەبووسەعید بـە تـەواوەتیی دڵی بێخەم بوو ـ
تـەنـدروستیی خۆشەویسـتەکەی و بـە دڵـی شـادمانـە

---

(٤)ـ بـە مـەرجێ باوکی شـەهید بووە و تەعزیەیان هەیە

گەڕایەوە ماڵەوە تا مژدە بدا بە کەس و کاری ..
ئەوانیش ـ خوا لێیان رازیی بێت ـ لە ماڵەوە چاوەڕوانی
لاوی دڵسۆزیان بوون تا بگەڕێتەوە .. کە هەواڵەکەیان
زانیی سوپاسی خوایان کرد و بە بێخەم سەریان لێ نایەوە و
خەوتن[٥] .. بەڵام پیاوماقووڵان و سەردارانی ئەوس و
خەزرەج لە مزگەوت مانەوە و تا بەیانیی پاسەوانی
پێغەمبەریان ئەکرد لە ترسی ئەوەی نەوەکو قورەیش لە
ناکاوا هەڵمەت بێننەوە سەر شار و دەست بووەشێنن ..

(٥)-ئەگەرچی تەعزیە باریش بوون !!

# پەیمان

ئەبووسەعید و هاوتـەمەنـانی خەریکی خواپـەرستیم
بوون •• ڕەزامەندیی خوایان مەبەست بوو •• کـە ئـەوا
بـە تەمەن منالْن و بە کەڵـکی جیهاد نـایـەن خۆ ئـەتوانـ
خواپەرستیی بکەن •• خزمەتی قورئـان بکـەن •• بـە پێ
سوننەتی پێغەمبەر ـ صلی الله علیه وسلم ـ ژیانی ڕۆژانەیا
بڕازێننەوە ••

بەم شێوەیە قۆڵی مـەردایەتیـان لـێ هەڵمالْیی و بـ
پەروەردەی دەروونیانـەوە خەریك بوون ، هەتـا تەمەنیـا
گەیشـتە پانزە ساڵیی ••

لـەم تـەمـەنـەدا ئـەبووسەعید هەڵی بۆ هەڵـکەو
تـا بـە ئـاوات بگـات •• ئـەوە بوو لـەشکری ئـەحزا

هاتـە سەر مەدینە و گەمارۆی پایتەختی موسـڵمانـانی دا ••
ئەمیش پیاوانـە بەرگداریی کرد و بـە دڵێـکی پڕ لـە ئیمانەوە
بەرامبەری لەشکری بتپەرستان وەستا :
چیتـان ئەوێ نەفـامـان ؟

چۆن چرای ئیسلام بـە دەم و پلی ئێوە ئەکوژێتەوە ؟
بـە لەشکرە بێ شومارەکەتـانـ ئـەنـازن و لـەگـەڵ
لـەشکری کـەم و کـەم تفاقی ئیمانـ بـەراوردی ئەکەن ؟

لـەشکری زۆرتـان بێپەنـا و لـەشکری ئیمان خوای
گەورە کۆمەکیەتی ، چۆن بـە تەمای گەیشتن بـە ئـاواتن ؟
خۆتـان مانـدوو ئەکەن•• سەرتـان لـێ شـێواوە ••
کۆمەڵـی ئیماندار هێزی پەروەردگـار پشتیوانیەتی ، پەندێ
لـە پێشمـینەکانتـان وەرگرن •• خۆتان مەخەڵەتێنن ••
خراپیش بەو رادەیە کەوا ستەم لـە خۆیشتان بکەن ؟
لاوی دڵ پڕ لـە ئیمان ، بەم بیر و هەستە سەربەستەوە
چووە مەیدان ، تـا بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو ، خوای
پـەروەردگار لەشکری خراپویستانی تەفر و توونـا کرد ••

نەك لەم رووداوەدا ، ئەبووسەعید بەژداریی کردبێت ، بەڵکو هەموو جارێك خۆی ئامادەی بەرامبەر وەستانی دوژمنان نەکرد ، تا ئەوە بوو بەژداری دوانزە غەزای کرد .. بە تایبەتیی رێکەوتنی حودەیبییە و پەیمانی ( رضوان آ ) ، ئەو پەیمانەی کە موسڵمانەکان دایان بە پێغەمبەری خۆشەویست ـ صلی الله علیه وسلم ـ لە سەر داسەزران و کۆڵنەدان هەتا مردن ، ئەگەر هات و قورەیش لەگەڵیان جەنگیی ..

لە پاڵ ئەم پەیمانەشا ئەبووسەعید لەگەڵ چوار هاوەڵی ترا ـ کە سەهلی کوڕی سەعد و ئەبووذەر و موحەممەدی کوڕی مەسلەمە و عوبادەی کوڕی صامیت بوون ـ پەیمانێکی تریان دایە کەوا هەریەکەیان هیچ مافێك نەخاتە پێش مافی خواوە ، وە رازیی نەبێ لە خۆی ، هەتا لە هیچ کار و فرمانێکدا و لە هیچ ئەرکێکی سەرشانیا درێغیی نەکات ..

# ڕۆژانی سەخت

ئەوەی پێویستە هەمیشە لە یادی هەموو موسڵمانێك بێت ئەوەیە بەرپاکردنی دەوڵەتی ئیسلامی لە مەدینە بە سەرۆکایەتیی پێغەمبەری خوا - صلی الله علیە وسلم - کارێکی زۆر گەورە بوو تا موسڵمانەکان سەربەست بن و بە ویستی خۆیان خواپەرستیی موسڵمانانەی خۆیان جێ بە جێ بکەن ..

جا ئەم کارە گرنگە هەروا ئاسان نەبوو .. چونکە باری ئابووریی موسڵمانەکان لە هەلوێستێکی سەختا بوو ، لە بەر ئەوەی موسڵمانەکان لە مەدینەدا لە لایەن بت پەرستانی دەور و بەریانەوە گەمارۆ درابوون و ناچار بوون لە شار دەرنەچن و نەتوانن بە بازرگانییەکی ئەوتۆ هەڵسن .. هەتا ئەوە بوو قورئانی پیرۆز موسڵمانە دەستڕۆیشتووەکانی ئاگادار کرد لە باری ژیانی هەندێ موسڵمانی هەژار کە لە روویان نایەت

داوای یارمەتیی بکەن و نەزانانیش وا ئەزانن دەوڵەمەندن، مەگەر موسڵمانی ژیر بیان ناسێت ، وە فەرمانی بە سەرا دان بە شێوەیەکی گونجاو لەگەڵ سروشتیانا دەست گرۆیان بکەن و بە پەنهانیی دەستی یارمەتییان بۆ درێژ کەن چونکە خوا خۆی ئاگاداری باری ژیانیانە کە ئەفەرموێ :

﴿لِلْفُقَرَاءِ الَّذِينَ أُحْصِرُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ لَا يَسْتَطِيعُونَ ضَرْبًا فِي الْأَرْضِ يَحْسَبُهُمُ الْجَاهِلُ أَغْنِيَاءَ مِنَ التَّعَفُّفِ تَعْرِفُهُم بِسِيمَاهُمْ لَا يَسْأَلُونَ النَّاسَ إِلْحَافًا وَمَا تُنفِقُوا مِنْ خَيْرٍ فَإِنَّ اللَّهَ بِهِ عَلِيمٌ ﴿٢٧٣﴾﴾ البقرة

مالیکی باوکی ئەبووسەعیدیش زۆر بێدەست و دەرامەت بوو بە رادەیەك سێ رۆژ هیچیان شك نەبرد و داوای یارمەتیشی لە کەس نەکرد ..

بۆیە پێغەمبەر ـ صلى الله عليه وسلم ـ فەرمووی :

هەرکەس ویستی سەیری پیاوی هەزاری داوانەکەر بکا با سەیری مالیکی کوڕی سینان بکات ..

دیاره ئەم بارە ناخۆشە تەنها کۆمەڵی ئیماندار بەرگەی ئەگرێت ، وە تەنها ئەندامە کۆڵنەدەرەکانین بە سنگی فراوانەوە دان ئەگرن بە خۆیان و لە دەمی خۆشیان ئەگرنەوە بۆ یارمەتیی خوشك و براکانی تریان ..

بەمە ئەبوسەعیدیش ماوەیەکی بە نەبووینی و برسێتیی بردە سەر .. گەنجی خواناس ئەوەندە ناردەتیی و دەست کورتیی هاتە پێش ، لەگەڵ هەندێ موسڵمانی ترا ، لە برسانا ناچار بوون گەڵای درەختی ( بشام ) بخون . وە لەگەڵ هاوڕێکیا ، کە عوتبەی کوڕی غەزوان بوو ، دەنکە خورمایەکیان لەت کردووە و هەریەکەیان لەتێکی خواردووە ، هەروەها ( عەبا ) یەکیان لەت کرد و هەر یەکەیان بە نیوەی خۆی داپۆشیوە ..

ئەگەر ئەو جوامێریی و دەروون بەرزیەی ئەوان بەراورد بکەین لەگەڵ چاوچنۆکیی و چاوبرسێتیی ئەوانەدا خۆیان سەپاندووە بە سەر ئادەمیزادا و بە بەڵێنی لووسی

پڕ لـە ساختە دەستیان بڕیون ، ئـەوسا ئـەزانین ئـادەمیزاد چەندی زیان لێ کەوتووە کـە لـە سایەی قورئـانی پیرۆز دوور خراوەتەوە ..

ئەبوسەعید هەزاریی بەگیری هێناوە ، لەو کاتـەشـا باوکی کۆچی دوایی کردو هیچی بۆ ماڵ و منداڵـەکەی بە جێ نەهێشت .. ئینجا کەس و کـارەکـەش دادی نەبوونیـان هێنـا بۆی .. ئەویش هیچی لەدەستا نیـە ..

بیری کردەوە وا چاکە پەنـا بەرێتـە بـەر سەرکردەی دڵسۆز و بـە وەفـا تـا بـەشکوم شتێـکی پێ ببەخشـێ . بـەم نیـازەوە لـە ماڵ دەرچوو، نـاچـاریی باڵی پێوە نـا تـا پـەردەی شەرم بدڕێ داوای یارمەتیی لێ بکـا ..

کاتـێ گەیشتە مزگەوت سـەیر ئەکا پێغەمبەری خـوا ـ صلى اللـه عليـه وسـلم ـ وا لـە سـەر میمبەر و وتـار ئـەدا .. ئـەیفـەرموو :

« أيها الناس ، قد آن لكم أن تستغفوا عن المسألة ، فإنه من يستعفف يعفه الله ، ومن يستغن يغنه الله . والذي نفسي

**محمد بيده ما رزق عبد من رزق أوسع من الصبر ، وان ابيتم الا أن تسألوني لأعطيتكم ما وجدت »(٦) .**

دیار بوو هەر ئەبووسەعید نەبوو وا پێویستی بە یارمتیی بێت ، بەڵکو زۆرێ لە ئەندامانی کۆمەڵی ئیماندار برسیانە و هاواریان هێناوە و دادی نەبوونیی ئەکەن .. وە هاوار و دادەکەیان لەڕادەیەکا نەبوو پێغەمبەری خوا ـ صلی‌الله علیه وسلم ـ بتوانێ پێویستیان بۆ جێ بە جێ بکات،بۆیە ئەم وتار. شیرینە ئەکاتە هێزێکی وەها تا ورەی موسڵمانەکان بەرز بێتەوە و ـ زیاتر ـ دان بگرن بە خۆیانا .. هەڵوێستێکی ناهەموار و ناسکە و پێویستە هەموویان بەزداریی بکەن .. چونکە ئەو ئەرکەی خراوەتە ئەستۆی ئیمانداران ـ کە بریتییە لە رزگارکردنی ئادەمیزاد ـ زۆر لە برسێتیی و نەبوونیی گرنگتر و گەورەترە ..

پێویستە دان بگرن بە خۆیانا و ئارام بگرن .. ئێستە کاتیەتی .. واز لە داواکردن بێنن ، پاداشتیشی

(٦) رواه عطاء بن يسار عن أبي سعيد الخدري نحوه ..

لای خوا مسۆگەرە و دوای ئەم نەبوویی و تەنگاویە خوا دەرووی‌ان لێ ئەکاتەوە ..

پێغەمبەری خۆشەویستمان ـ صلی الله علیه وسلم ـ سوێند ئەخوا کە خوا هیچ رۆزیەکی نەداوە بە هیچ بەندەیەکی لە رۆزیی ئارام فراوانتر بێت بۆی .

بەڵێ رۆزیی بریتیە لە ئارام .. لە ساچان .. لە دان بە خۆدا گرتن ..

لە کۆتاییا دەری بڕیی : هەر کەسێ ئەم ئامۆژگاریە ساچێتە دڵیەوە و هەر داوا ئەکات ، قەی ناکا هەرچیم بەمشتابێ ئەیدەمێ .

کوان سەر زلەکان ؟
کوان مریشك خۆرەکان ؟
کوان داوا کارانی خوایەتیی ؟

لەوە ئەچێ لەشەرمی سەرکردەی راستەقینەدا سەریان شۆڕ کردبێ و عارەقی شەرمەزاریان دەردابێ .. هەرچۆنیان کردووە با بێن و سەیری سەرکردە

کەن : بە نەبوونیی ، کۆمەڵ رازیی نەکا ، ئەو کۆمەڵەی ئەندامەکانی بە سنگێکی فراوانەوە خۆیان ئەکەنە قوربانی خۆی و بیروباوەڕەکەی .. هەتا بە برسێتیش ئەوەتا بە خوێنی گەشیان نەمامی کۆڕپەی ئیسلام ئاو ئەدەن ..

ئەوانەش ـ کە بە رواڵەت ناوی گەورەیی و سەرداریان بە سەرا سەپێنراوە ـ نازانن کەی کۆمەڵ لێیان رازیی ئەبێت ، ئەو کۆمەڵەی هەتا دەرخواردی ئەی ئینجا زیاتر هاواری چاوبرسێتیی و چاو چنۆکیی لێ بەرز ئەبێتەوە ..

هەرچەندە ناوی گەورەیان بە سەرا بڕاوە ، با بێن و خۆیان بچووك بکەنەوە و لە توتابخانەی قوربانا ناوی خۆیان تۆمار کەن ، ئەگینا سەرەنجامی پێشینە هاوبیرەکانیان بەشی ئەوانیشە ..

کاتێ ئەبووسەعید بە گوێوە بوو ، بە بێ دەنگ گەڕایەوە دوا ، بۆ ئەوەی داوای یارمەتیی بکا ، ئینجا وتی :

پێغـەمبەر جگە لـە من مەبەستی لـە کەس نەبوو !! وە وتی: دوای ئەوە ئیتر داوای یارمەتیم لە کەس نەکرد ، وە خوایش هـەر رۆزیمان پێ ئەبەخشێ هەتـا شك نـابـەم هیچ ماڵێکی ئـەنصـار سامانیان لـە ئێمە زیاتر بێت ..

سەربازەکـانی قورئـان ئـاوا شوێنی ئیسلام کەوتبوون .. هەر ئـامۆژگـاریەك بـەرگوێیان ئەکەوت وایـان ئـەزانی ئـەوە بـەتایبەتیی بۆ ئـەوانە ، بۆیـە بە هەموو توانایەکیانەوە هەوڵیان ئـەدا جێ بەجێی بکەن .. چونکە ئـەیانزانیی ئەمە تاقی کردنەوەی خـوای گەورەیە بۆ بەندە راستەقینەکـانی و پێویستیان بـە ئـارام هەیە تـا ئەجر و پاداشتی زیاتریـان دەست کەوێ و لـە هەموو هەڵوێستێکـا هەڵبـەنـگێنرێن ..

ئـەبووسـەعیدیش بۆ ئـەوەی زیـاتـر لـە یـاسای تـاقی کردنەوەی خوایی تـێ بگات پرسیار ئەکا لە پێغەمبەری خوا ـ صلى الله عليه وسلم ـ و ئەڵێ :

ئەی پێغەمبەری خوا ؟ کێ لـە هەموو کەسێ زیاتر بەلا و تاقی کردنەوەی ئەدرێ بە سەرا ؟

ئەفەرموێ : پێغەمبـەران .

دیسان ئەپرسێتەوە : ئینجا کێ ؟
ئەفەرموێ : ئینجا پیاوچاکان ..

بەڵێ خوای گەورە خۆشەویستانی خۆی تاقی ئەکاتەوە .. کامیان زیاتر خۆشەویست بێ ئینجا تاقی کردنەوەکەی زیاترە .. تا ئەوانەی بە تەمان خۆیان لە خوا نزیك بکەنەوە ، ئامادەی هەموو شتێك بن .. شان شل کەن بۆ هەموو فەرمانێکی خوا .. بەرگەی هەموو هەڵوێستێ بگرن کە دێتە بەرخۆیان و ئاینەکەیان .. بەرگەی ئەو رۆژە رەشانە بگرن کە بیروباوەڕەکەیان پیایانا تێپەڕ ئەکات ..

ئەوەتا قورئانی پیرۆزیش دەرسێکی روون و ئاشکرای موسڵمانەکان دا ئەدات تا تێ بگەن شوێنکەوتنی ئاینی خوا فیداکاریی ئەوێ .. ترس و برسێتیی و تیاچوون و کەمبوونەوەی سامان و گیان و بەروبوومی بە شوێنەوەیە .. ئەمەش تەنها خاوەن ئارامە بەرگەگرەکان بۆی ئەشێن و لە گەڵیا هەڵ ئەکەن ، دەبا ئەوانە مژدە بێت لێیان ، کە ئەفەرموێ :

پێغەمبەر جگە لە من مەبەستی لە کەس نەبوو !! وە وتی: دوای ئەوە ئیتر داوای یارمەتییم لە کەس نەکرد ، وە خوایش هەر رۆزیمان پێ ئەبەخشێ هەتا شك نابەم هیچ ماڵێکی ئەنصار سامانیان لە ئێمە زیاتر بێت ..

سەربازەکانی قورئان ئاوا شوێنی ئیسلام کەوتبوون.. هەر ئامۆژگارییەك بەرگوێیان ئەکەوت وایان ئەزانیی ئەوە بەتایبەتیی بۆ ئەوانە ، بۆیە بە هەموو توانایەکیانەوە هەوڵیان ئەدا جێ بەجێی بکەن .. چونکە ئەیانزانیی ئەمە تاقی کردنەوەی خوای گەورەیە بۆ بەندە راستەقینەکانی و پێویستییان بە ئارام هەیە تا ئەجر و پاداشتی زیاتریان دەست کەوێ و لە هەموو هەڵوێستێکا هەڵبسەنگێنرێن ..

ئەبووسەعیدیش بۆ ئەوەی زیاتر لە یاسای تاقیکردنەوەی خوایی تێ بگات پرسیار ئەکا لە پێغەمبەری خوا ـ صلى الله عليه وسلم ـ و ئەڵێ :

ئەی پێغەمبەری خوا ؛ کێ لە هەموو کەسێ زیاتر بەلا و تاقیکردنەوەی ئەدرێ بە سەرا ؟

ئەفەرموێ : پێغەمبەران .

دیسان ئەپرسێتەوە : ئینجا کێ ؟
ئەفەرموێ : ئینجا پیاوچاکان ..

بەڵێ خوای گەورە خۆشەویستانی خۆی تاقی ئەکاتەوە .. کامیان زیاتر خۆشەویست بێ ئینجا تاقی کردنەوەکەی زیاترە .. تا ئەوانەی بە تەمان خۆیان لە خوا نزیك بکەنەوە ، ئامادەی هەموو شتێك بن .. شان شل کەن بۆ هەموو فەرمانێکی خوا .. بەرگەی هەموو هەڵوێستێ بگرن کە دێتە بەرخۆیان و ئاینەکەیان .. بەرگەی ئەو رۆژە رەشانە بگرن کە بیروباوەڕەکەیان پیایانا تێپەڕ ئەکات ..

ئەوەتا قورئانی پیرۆزیش دەرسێکی روون و ئاشکرای موسڵمانەکان دا ئەدات تا تێ بگەن شوێنکەوتنی ئاینی خوا فیداکاریی ئەوێ .. ترس و برسێتیی و تیاچوون و کەمبوونەوەی سامان و گیان و بەروبوومی بە شوێنەوەیە .. ئەمەش تەنها خاوەن ئارامە بەرگەگرەکان بۆی ئەشێن و لە گەڵیا هەڵ ئەکەن ، دەبا ئەوانە مژدە بێت لێیان ، کە ئەفەرموێ :

**« ولنبلونكم بشيء من الخوف والجوع ونقص من الأموال والأنفس والثمرات ، وبشر الصابرين »(٧)**

دیار بوو ، ئەبووسەعید پیاوی ئەم مەیدانە بوو ، ئەوەندە دانی ئەگرت بە خۆیا و بە هەژاریی و فەقیریی رازیی بوو ، هەندێ مامۆستایانی مێژوو پلەی « أهل الصفه » ی ئەدەنێ هەرچەندە ئەنصاریيە و خەڵکی مەدینەیە ..

لەگەڵ ئەم هەژارییەدا ئەبووسەعید بێوچان خەریکی هەوڵ و کۆشش بوو بۆ بەرزکردنەوەی قورئان .. نەبوونیی و برسێتیی نەیانئەتوانی ئەزمی شێر سارد کەنەوە .. ئەمەن چوار رۆژە چۆن ئەڕوا با بڕوا ، بەڵام با بە جیهاد برازێتەوە .. جیهادی نەفس و هەوا ، وە جیهادی دوژمنانی قورئانی پیرۆز .

ئنجا شان بە شانی ئەو هەوڵ و کۆشش و غیرەتە مێشکی تیژی خستبووە کار بۆ شارەزابوون و ئاگادار بوون لە فەرمایشتەکانی پێغەمبەری پێشەوا ـ صلى الله عليه و سلم ـ ئەمەش دوای شارەزا بوون لە قورئانی

---

(٧) سوورەتی « البقرة » / ١٥٥ .

پیرۆز •• ئەوەندە شەیدای فەرموودەی پێغەمبەر بوو بوو و حەزی لـە لـەبەرکردن و گێڕانەوەیان بوو ، بووە یـەکێ لـەو پیـاوە گەورانـەی کە فەرموودەیان ئەگێڕایەوە ، بـە رادەیەك هەزار و صـەد و حەفتـا فەرمایشتی لێ وەرگیراوە کـە بیستوونی و لـە بـەری کردوون و ژیـانی رۆژانـەی خۆی پێ رازاندوونەتەوە و بـە کەسانی تریشی گەیاندوون•

ئەوەندەش جێی متمانە بـوو ، پیاوە ناودارەکانی مێـژووی ئیســـلام ـ وێنـەی عەبدوڵـلای کـوڕی عـەبـاس و عەبدوڵـلای کوڕی عومەر و زەیدی کوڕی ثابیت و جابیری کوڕی عەبدوڵـلا و ئەنەس وە عەبدوڵـلای کوڕی زوبەیر لـە هاوەڵان و سەعیدی کوڕی موسەیەب و ئەبووسەلـەمە و عوبەیدوڵلای کوڕی عەبدوڵلای کوڕی عوتبە و عـەطائـی کوڕی یەسار وە ئەبووئومامەی کوڕی سـەهل لـە تابعین ـ فەرمایشتیان لـێ وەرگرتووە ••

ئـادەمیزاد هەتـا سەرنجی پیاوە گەورەکـانی ئیســلام بگرێت ، کە لـە ژمـارە نـایـەن ، ئەوسا گەورەیی ئیسلام و

پێغەمبەری ئیسلامی بۆ دەرئەکەوێ ، ولـە دڵیا جێگیر ئـەبێ ئیسلام یەکەم قوتابخانەیەکە کە گرۆی ئـادەمیی پـەروەردە کردبێ ٭ وە پێغەمبەریش ـ صلی اللـە علیه وسلم ـ یەکەم مامۆستایەکە کە دەستی ئـادەمیزادی گرتبێ بەرەو ژیـانـی پـاك و خاوێنی پڕ لـە خواناسیی و خزمەتکردنی ژیـان لـە سـەر زەوییدا ••

# پارێزگاری ئیمان

ئەبووسەعید بە جوانیی لە ئیسلام گەیشتبوو ، و بە ڕێك و پێكیی ئەو تێگەیشتنەی جێ بەجێ ئەکرد و دەستی پێوە ئەگرت .. دڵی بەستبوو بە قیامەتەوە ..

بۆیە کە لە ساڵی شەست و سێی کۆچییدا جەنگی «الحرّة»(٨) دەستی پێ کرد ، ئەو بە هیچ شێوەیەك بەژداریی تیا نەکرد ..

---

(٨) جەنگی « الحرّة » لە نێوان لەشکری یەزید و لەشکری عەبدەللای کوڕی زوبەیردا ڕووی دا ، دوای ئەوەی کە موسڵمانەکان بە دەست تاوان و گوناهی یەزیدەوە بێزار بوون ولێی ڕاپەڕین .. ئەو هێرشەی یەزید بۆ سەر مەککەی پیرۆز ، یەکجار نەشیاو و بێ بەرەکەت بوو .. لە ڕێگادا ئەمیری لەشکر مرد .. وە ئاگر

خۆ ئەبووسەعیدیش وەك هەموو موسڵمانێ شارەزای وەزعی یەزید و حکوومەتەکەی بوو، لەگەڵ ئەوەشا نەیویست بە هیچ شێوەیەك بەژداریی جەنگ بکا، چونکە وەك ئەیزانی کە یەزید لای داوە، ئەیشی زانی لەشکرەکەی یەزیدیش هەر موسڵمانن و خراپ تێ گەیێنراون و بۆ ئەو ناشێ بچێ بە گژ کەسێکا کە دوو وشەی شەهادەت بە دەمیا هاتبێ .. جا بۆ ئەمەی دوور بێت لەم ئاژاوە، پەنای بردە ئەشکەوتێك بۆ خواپەرستیی تا بەشکوم هیچ

---

زەرەرو زیانێکی زۆری گەیاند بە کەعبەی پیرۆز و ژمارەیەکی زۆر لە موسڵمانان ـ بە تایبەت هاوەڵان ـ کوژران و بە ناڕەوا خوێنیان ڕژا وە ئەوەندەشی پێ نەچوو ـ کە هێشتا جەنگ نەکوژابوویەوە ـ هەواڵ گەیشت بە مردنی یەزید . بەڵام دانیشتوانی شام خێرا موعاویەی کوڕی یەزیدیان کردە خەلیفە و ئەویش لە دوو سێ مانگێ زیاتر خەلافەتی نەکرد و مرد، هەرچەندە ئەو ماوەیە هەمووی نەخۆش بوو و نەی توانی لە ماڵ دەرچێت . بەم شێوەیە کۆتایی هات بە حوکمی بنەماڵەی یەزید ..

ئەندامێکی لاشەی بەژداریی نەکات و تـاوانی کـەس نەیەتە گەردنی و پارێزگـاریی ئیمانەکەی بکـا ٠٠

بەڵـێ چووە ئەشکەوتـەکەوە بـە نیازی خواپەرستیی هەتـا بەشکوم خـوا دەرووی خەیـر لـە موسـڵمانـەکـان بکـاتـەوە و دەست لـە رشتنی خوێنی یەکتری هەڵـگرن و لـە دەوری قورئان بە برایانە جەم بنەوە ٠

لـە کـاتێـکا کـە ئـەبووسەعید بـە تـەنیـا لـــە ئەشکەوتەکەدا بوو پیاوێکی خەڵـکی شام هاتـە ژوورەوە لای و ویستی لـە گەڵیـا بجـەنگێ ٠٠ بـێ ئـەوەی هیـچ نرخێك بۆ ئەبووسەعید دابنێ کـە ئەمە هاوەڵی پێغەمبـەری خوایە و لە جیهادی ئیسلامیا خزمەتێکی گـەورەی هەیە ٠٠ ئەبووسەعید شمشێرەکەی بـە دەستیەوە بوو ، کە کـابرای بینی وا هاتووە و لـەم پەنـاگـایەشدا هەر وازی لێ نـاهێنێ و ئەیەوێ بـە زۆر بەژداریی جەنگـەکەی بکـا ، وای بـە چاك زانی بە هیچ شێوەیەك بەرگریی لـە خۆی نـەکـا ، وە هەرچەندە مافی رەوای خۆیەتی : ئەگەر خوێنیشـی برێژێ

هەر دەست نەکاتەوە ، بۆیە شمشێرەکەی بۆ فڕێ دا و لە جیاتی شەڕەشمشێر وشەی ئامۆژگاریی ئاراستەی پیاوەکە کرد .. پێی وت :

تاوانەکەی منیش و خۆیشت هەڵگرە و بیخەرە ئەستۆی خۆت ، تا ببیتە هاوەڵی ئاگر .. وە ئەوەش سزا و تۆڵەی ستەمکارانە ..

ئەبووسەعید ئەم ئامۆژگاریەی لە وتەکەی هابیلی کوڕی ئادەم - سەلامی لە سەر بێ - وەرگرت کاتێ کە کە بە قابیلی برای وت و ئەویش نەیویست بیکوژێ ..

ئیمانی کز و لاواز لە دڵی پیاوەکەدا شۆڵەی دەرکەوتەوە ، دڵە خەواڵووەکەی بێدار بوویەوە ، ویژدانی بزوا ، بۆیە بە بیستنی وتەکەی ئەبووسەعید لەرزی لێ هات و بە هیچ شێوەیەك بە خراپە لە ئەبووسەعید نزیك نەکەوتەوە ، بەڵکو - دوای ئەوەی کە زانی ئەبووسەعیدە لێی پاڕایەوە تا داوای لێخۆشبوونی بۆ بکا ، ئەویش وتی : خوا لێت خۆش بێت ..

لـه پـاڵ ئـەم خوانـاسیەدا ئابووسەعید ئازا و دلێر بووە و لـە وتنی راستیی لـە هیچ کەس سڵی نەکـردووە • چونـکە ئـەم فەرموودەیەی پێغەمبەری خوای بیستبوو کـە فەرمـان ئـەدا بـە سەر موسـڵمانـەکـانـا لـە خـەڵکی نەترسن و راستیی بڵێن هـەرکاتێ بیبینیـان یـا زانییـان کـە ئەفەرموێ :

**« لا یمنعن احدکم مخافة الناس أن یتکلم بالحق اذا رآه أو علمـه » •**

کە خۆی ئەم فەرموودەیە ئەگێڕێتەوە ئەڵێ :

ئەمە پاڵی پێوە نام سوار بووم و لێم دا بۆ لای موعاویەو تێر ئـامۆژگاریم کـرد هـەرچی رەخنەی هـەبوو خستمە بـەر چاوی و گەڕامەوە ••

ئەبو وسەعید بەم تێـگەیشتنە ئیـسلامییەوە تەمەنی پیرۆزی ئـەدایـە سەر دەتـا گەیشتە هەشتا و چوار سـاڵیی و ئـەوە بوو ـ بـە پێی ریوایەتی هەڵبژێرداو ـ لـە رۆژی جومعەدا و لـە ساڵی حەفتـا و چواری کۆچییدا لە شاری پێغەمبەری

خوادا ـ صلى الله عليه وسلم ـ كۆچى دوايى كرد و لە گۆڕستانى بەقيع نێژرا تەمەنێكى پڕ لە جيهاد و هەوڵ و كۆششى لە پێناوى ئيسلاما بە سەر برد و بە مەردانە سەرى نايەوە .. خوا لێى رازيى بێت .

وآخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمين ..

صەفەرى / ١٤٠٤ ك
ت ٢ ى /١٩٨٣ ز

---

رقم الايداع في المكتبة الوطنية ببغداد ٩٦ لسنة ١٩٨٥

# ئەم نامیلکەیە

دەری ئەخات کە :

× تەنها گەنجە موسڵمانەکان هەموو وزە و لێهاتنێکیان ، بە شێوەیەکی ڕێك و پێك ، ئەخەنە کار و ئەبنە مایەی حەسانەوەی ئادەمیزاد ..

× تەنها پەروەردەی قورئانیی مێشك و دڵ و دەروونی ئادەمیزاد ـ بە تایبەتیی گەنج ـ بە شێوەیەکی ڕێك و پێك پەروەردە ئەکا و جوامێریی و چاونەترسیی و خۆنەویستنی تیا سەوز ئەکا ..

250